ئاستانە

#توێژینەوە

# ”کەسی بێباوەڕ

## لەو کاتەی داوا  لە خودا دەکات ڕووداوێکی ناخۆشی بەسەردا بهێنێت؛ تووشی خرۆشانی سۆزداری دەبێت!




مارجانا لیندمن

کۆلێژی زانستە ڕەفتارییەکان
زانکۆی هێلسینکی

بێتنی هێیود

بەشی زانستی مرۆڤناسی
زانکۆی ئاشفۆرد

تەپانی ڕایکی و
تۆمی مەکۆنن

کۆلێژی زانستە ڕەفتارییەکان
زانکۆی هێلسینکی


www.astane.org

کەسی بێباوەڕ لەو کاتەی داوا  لە خودا دەکات
ڕووداوێکی ناخۆشی بەسەردا بهێنێت؛
تووشی خرۆشانی سۆزداری دەبێت!

**مارجانا لیندمن**
کۆلێژی زانستە ڕەفتارییەکان
زانکۆی هێڵسینکی

**بێتنی هێیود**
بەشی زانستی مرۆڤناسی
زانکۆی ئاشفۆرد

**تەپانی ڕایکی و تۆمی مەکۆنن**
کۆلێژی زانستە ڕەفتارییەکان
زانکۆی هێڵسینکی

# پێشەکی

توێژینەوەیەکمان ئەنجامدا دەربارەی ئەوەی کە ئایا بێباوەڕان هیچ ئاماژەیەکی ئەو فشارە دەروونییانەیان دەردەخەن کاتێک ئاڵنگاری خودا دەکەن لە ئازاردانی خۆیان و کەسە نزیکەکانیاندا. لە توێژینەوەی یەکەمدا، ڕێژەی بەشداربووان بەمجۆرە بوو (١٦ بێباوەڕ - ١٣ باوەڕدار). هەر یەک لەوان (٣٦) دەقیان لە سێ بەشی جیاوازدا خوێندەوە، دەقەکان بریتیبوون لە: خودا، شەڕخوازی و بێلایەنی.

لە توێژینەوەی دووەمدا (١٩ بێباوەڕ) بەشداربوون و (١٠) دەقی نوێی هاندەر زیادکران کە تیایدا بێباوەڕان ئارەزووی ڕوودانی ڕووداوێکی خراپیان دەکرد. بێباوەڕان هێندەی باوەڕداران دەقەکانی تایبەت بە خودایان لەلا نەخوازراو نەبوو. هەرچەندە، ئاستی کاردانەوەکە ئەوەی نیشاندا کە داواکردن لە خودا بۆئەوەی ڕووداوگەلێکی خراپ و ناخۆش ڕووبدەن هاوتای باوەڕداران لەلای کەسانی بێاوەڕایش فشاری دەروونی دروست دەکرد. هەروەها بێباوەڕان زیاتر بەو دەقانە کاریگەر بوون کە سەبارەت بە خودا بوون، نەک ئەو دەقانەی کە سەبارەت بە هیواخواستن و شەڕخوازین. ئەنجامەکانیش نیشاندەری ئەوەن کە هەڵوێستی بێباوەڕان بەرانبەر بە خودا لەوەدا ناکۆکە کە باوەڕە دانپیانراوەکەیان پێچەوانەیە لەگەڵ وەڵامە کاریگەرەکانیان.

لە نوێترین توێژینەوەکاندا، کۆدەنگییەکیی بەهێز هەیە دەربارەی باوەڕە بان-سروشتییەکان بە جۆرێک کە باوەڕداری وەکوو بەشێک لە فیترەتی مرۆڤەکان دەرخراوە. وادانراوە کە باوەڕهێنان بە هێزە بان-سروشتی و لا-شعورییەکان گریمانەیەکی مەعریفییە و لە بەرئەنجامی گونجاندی پەرەسەندنە لەگەڵ مەعریفە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە.[١] بەم پێیەش باس لەوە کراوە کە بێباوەڕی شتێکی بێمانایە ئەگەر خەڵکی خۆیان بە بێباوەڕ بزانن یاخود نا، هێشتاش گومانی ئەوە دەکرێت کە خود ناساندنە زارەکییەکانیان هەڵگری بەشێک لە باوەڕە بان-سروشتییەکان بێت.[٢]

هەروەکوو چۆن گوومان لەوەدا نییە کە ناکرێت ڕەفتار لە بەرئەنجامی هیچەوە هاتبێتە بوون، چەسپاندنی ئایینداریش بەبێ بەرکەوتە کردارییەکان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەدا چەشنێکە لە

مەحاڵ. مرۆڤ لەڕێگەی گەواهی و لێدوانەکانی شارەزایانی کۆمەڵگەکەیەوە شتانێک لە ئایین شارەزا دەبێت کە لەلای نەزانراو بووە.[١] هەروەها جەخت لەوەش کراوەتەوە کە ئایین لەژێر کاریگەری کولتووری کۆمەڵایەتی و مەیلە فیترەتییەکاندایە.[٢]

لە زۆربەی دۆخەکانیشدا، خەڵکانێکی زۆر لەژێر کاریگەری ئاییندا ژیاون و گەشەیان کردووە کە مەحاڵیشە بێباوەڕان بەدەربووبن لە کاریگەرییەکانی ئەم کارلێکە وابەستەییی ئاییندارى بە مرۆڤەوە. توێژینەوە نوێیەکان ئەوە دەردەخەن کە یادکردنەوەی خودا هەستی هاریکاری کردنی خەڵکی زیاد دەکات[٣] سەرباری کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی هیلاکی و مەژغەڵەتی کاروبارەکانی ڕۆژانە، و بەرەنگارییەکیشە بەرانبەر هەڵچوونە ناوەکی و دەرەکییەکان.[٤] ئەمەش نەک تەنیا لەلای باوەڕداران بەڵکوو لەلای بێباوەڕانیش بووە بە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، چونکە ڕەفتاری مرۆڤەکان بەتوندی پەیوەستە بە هەست و ژیرییانەوە.[٥] گۆڕینی ڕەفتار لەلای بێباوەڕان نامۆیە مەگەر ئەوەی کە کۆمەڵە کاردانەوایەکی سۆزدارانەی پەیوەست بە خودا لە ئارادا بێت - هەمان ئەو ئامانجەی کە لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی خراوەتە سەر- یاخود ئەو باوەڕە ڕۆحییەی کە بوونی هەیە تێیاندا.

توێژینەوەیەک لەلایەن (هێیود)[٦]ەوە بە ئەنجام گەیەنرا کە هاوشێوەی هەمان ئەم توێژینەوەیەیە کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەین، تێیدا لێکۆڵینەوە بۆ تۆنی دەنگ کراوە، بۆ درککردن بەوەی کە ئایا بێباوەڕان هەست بە بەرزبوونەوەی ئاستی فشارە دەروونییەکانیان دەکەن کاتێک ئاڵنگاری خودا دەکەن بۆ ئەنجامدانی ڕووداوگەلێکی ناخۆش و سامناک. باوەڕدار و بێباوەڕانیش تۆنێکی دەنگی نزمتریان هەبوو لە کاتی دەربڕینی ئەو دەقانەی تایبەت بە خودان، بەراورد بەو دەقانەی کە گوزارشت بوون لە شەڕخوازی و ئاڵنگاری کردنی (سانتا کالۆس)[٧] لە بری خودا. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە دەقەکانی تایبەت بە خودا فشاری دەروونی زیاتر دروست دەکەن. هاوکات بەشێکی دیکە لە تۆنە دەنگییەکان ئەستەم بوو شیکردنەوەیان بۆ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، دوو توێژینەوەمان ئامادە کرد کە تێیدا شیکردنەوە بۆ فشارە دەروونییەکانی بێباوەڕان دەکرا لەڕێگەی تەزووی لەشیانەوە، لەوکاتەی ئەو دەقانەیان دەخوێندەوە کە تێیدا داوایان لە خودا دەکرد ڕووداوێکی خراپ بەسەر خۆیان و کەسە خۆشەویستەکانیاندا بهێنێت. لەو بڕوایەدا بووین کە کاردانەوەی جەستەییەکانی بێباوەڕان بۆ دەقەکان پێچەوانەی ئەو کاردانەوە ڕووکەشییانە بێت کە دەری دەبڕن، یاخود ئەو فشارە دەروونییەی لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا

بۆیان دروست دەبێت، هاوتای ئەو فشارە بێت کە بەرانبەر دەقە شەڕخوازییەکان دەیان بێت، یانیش ئەو فشارەی کە تووشی بیباوەڕەکان دەبێت، هاوتا بێت لەگەڵ ئەو فشارەی تووشی باوەڕدارەکان دەبێت.

# توێژینەوەی یەکەم

## بەشداربووان:

بیست و نۆ کەسی فینلەندی لە نێوان تەمەنی (١٧ بۆ ٤٥) ساڵان، بە باکگراوندی جیاوازی پەروەردەییەوە بەشداربوون. شانزە لە بەشداربووان بێباوەڕبوون (کە حەوتیان ئافرەت بوون)، و سیانزەشیان باوەڕداربوون (کە هەشتیان ئافرەت بوون). بێباوەڕەکان شوێنکەوتەی هیچکام لە ئاینەکان نەبوون، بەشداربووە باوەڕدارەکانیش (١٢) کەسیان سەربە کەنیسەی (ئیڤانجلیکڵ لوثر)[١] بوون، یەکێکیشیان لایەنگری جوڵانەوەی (نیو ئەیج)[٢] بوو.

بەشداربووان لەڕێگەی بانگێشتنامەیەکی ئەلیکترۆنییەوە کۆکرابوونەوە کە لە کۆمەڵەیەکی گومانگەرای فینلەندی و کۆمەڵەیەکی ئینجیلی و چەند لیستێک لە ئیمەیڵی کۆمەڵە خوێندکارێکدا خۆی دەبینییەوە. بانگێشتنامەکە بۆ ئەو کەسانە نێردرابوون کە دژیەکی یان هاوڕاییەکی تەواویان لەگەڵ ئەو چوار دەقەدا هەبوو کە لە بانگێشتنامەکەدا باسی لێوە کرابوو، دەقەکانیش لە پێوەرە فرەڕەهەندییەکانی ڕاپرسییە ئاینی و ڕۆحانییەکانی (فێتزێر بریف)ەوە سەرچاوەی گرتبوو،[٣] یەکێک لە نموونەکان بریتی بوو لە: ''هەست بە بوونی خودا دەکەم.'' بەر لە چاوپێکەوتنی تاقیگە، سەرجەم بەشداربووان فۆڕمێکی قایلبوونیان واژوو کردبوو، باوەڕی بەشداربووەکانیش بە نۆزدە بڕگەی هەمان سەرچاوەی پێشوو خەمڵێندابوون. لە (٢٣) بڕگە سەرەکییەکەدا (٤) بڕگەیان لابرابوون چونکە پێمان وابوو کە دەشێت بێباوەڕانیش هاوڕابن لەسەری (نموونە: ''لەو کەسانە خۆش بووم کە ئازاریان داوم''). لەو پێنج نمرەیە[٤] باوەڕدارەکان نمرەیەکی بەرزتر لە بێباوەڕەکانیان بەدەست هێنا.[٥]

## هەڵسەنگاندن

فشاری دەروونی دەقە هاندەرەکان لە (٣٦) دەق پێکهاتبوون کە بەسەر سێ لقی جیاوازدا دابەشببوون، ئەو دەقانەی کە تایبەت بە خودا بوون بریتیبوون لە (١٠ دەق)، دەقەکانی شەڕانگێزی (١٠ دەق) بوون، لەگەل (١٠ دەق)ی بێلایەن کە لە خشتەی یەکەمدا ئاماژەیان پێکراوە. هەروەها، شەش دەقی بێلایەن هەبوون وەک تاقیکاری بەکاردەهێندران.

داتاکان لە ڕێگەی تەزووی لەشی بەشداربووەکانەوە تۆماردەکران، لەوکاتەدا کە کەسی بەشداربوو ئەو دەقەی دەخوێنتەوە کە لێی داواکرا بوو. دەقەکان یەک بە یەک لەسەر شاشەی لاپتۆپێک نیشانی بەشداربووان دەدران، و هەرکاتیش بیان ویستایە ڕستەی دواتر ببین دەسیان بە دوگمەیەکدا دەنا. پێیشیان وترابوو کە بەدەنگێکی بەرز و هێمنانەوە ئەو ڕستانە بخوێننەوە کە لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت. پاش خوێندنەوەی ڕستەکە، ١٠ چرکە دەدرایە بەشداربووەکە پاشان بچێتە سەر ڕستەی دواتر.[1]

تەزووی لەشیان بە سیستەمی NeXus-10 mk1 دەپێورا کە کار بە نەرمەکاڵای تۆمارکەری BioTraceC V2010a دەکات.[١] داتاکانمان بە (٣٢) نموونە لە هەر چرکەیەکدا[٢] لە ڕێگەی جەمسەرگری Ag-AgC1ەوە وەردەگرت، کە لەسەر دووەم ئێسکی پەنجەی دووەم، یاخود ناوەڕاستی دەستە کەم جووڵەکە جێگیر دەکرا. زانیارییەکانیش لەڕێگەی تۆمارە دەنگی و ئاماژەکانی تەزووی لەشییانەوە تۆماردەکران.

سینگناڵەکانی تەزووی لەش ڕاستەوخۆ چاودێری دەکران تاوەکوو لە هەر هەڵەیەک بەدووربن. کاتی وتنی دەقە هاندەرەکانیش لە فایلە تۆمارکراوەکانەوە دەرهێنرابوون، کە پێشتر ئامادەکرابوون و لەگەڵ داتاکانی تەزووی لەشدا ڕێکخرابوونەوە. لە پرۆسەی ڕێکخستنەکەدا، سەرەتای دەرکەوتنی دەقەکان دەکرا بە خاڵی دەستپێک. گەیاندنی ئاماژەکانی تەزووی لەش لەساتی دەربڕینی دەقەکەوە هەژمار دەکرا تا (٥) چرکە دوای خوێندنەوەی ڕستەکە. ئەو (٥) چرکە وچانەی

---

[1][١] بارەگای سەرەکی ئەم کڵێسایە لە شیکاگۆیە لە ئەمریکا کە ساڵی ١٩٨٨ بە تێکەڵکێشکردنی سێ کڵێسای لوثەری پێکهێندرا

[٢] جوڵانەوەیەکی ئاینی – ڕۆحانی بوو کە لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژئاوا زۆر بە خێرای بڵآوبووەوە و گەشەی کرد

[٣] https://link.springer.com/referenceworkentry/10.1007/978-1-4419-1005-9_1577

(M = 4.71, SD = 0.30) [٤]

(M = 1.19, SD = 0.41) , t(27) = 25.11, P < .00,1 $n^2$ = 0.98.) [٥]

پێش دەقەکان بە خاڵێکی بنەڕەتی هەژمار دەکرا. جوڵەی تەزووەکە ئەوکاتەش هەژمار دەکرا کە بەشداربووەکە ڕەتیدەکردەوە ڕستەکە بخوێنێتەوە، بەڵام لە کاتی هەڵەکردن لە خوێندنەوەی دەقەکەدا هەژمار نەدەکرا (بۆ نموونە: کاتێک بەشدار بووەکە شتێکی بەدەر لە دەقە ئاماژە پێکراوەکە بووتایە). پرۆسەی شیکردنەوەی سینگناڵەکانیش لەڕێگەی (MATLAB 7.10.0)ـەوە ئەنجامدەدران.[٣]

هەڵوێستە شاراوە و ئاشکراکان بەرانبەر بەو دەقانەی سەبارەت بە خودا بوون! پێش پێوانەکردنی کاردانەوە جەستەییەکان، بەشداربووەکان سەرپشککران لەوەی کە هەر دەقێک هەڵبژێرن کە دەیانەوێت بە بێدەنگی دەریببڕن. دواتر و پاش پێوانەکردنی کاردانەوە جەستەییەکان، بەشداربووەکان هەلی پاشگەزبوونەوەیان پێدرا لەوەی کە وتوویانە (نموونە؛ دەیانتوانی بڵێن "هیچ مەبەستێکم نەبوو لە کردنی ئەو قسەیە..."). ژمارەی پاشگەزبوونەوە و دەرنەبڕینەکان لەو دەقانەی کە سەبارەت بە خودا بوون وەک ئاماژەیەک بەکاردەهێندران بۆ ئەو هەستە شاراوانەی کە بەرانبەر بە دەقەکانی تایبەت خودا هەن. دوای پێوانەکردنەکانیش، هەر یەکێک لە بەشداربووەکان داوایان لێدەکرا کە هەڵوێستێکی ئاشکرای خۆیان سەبارەت بە هەر یەکێک لە دەقەکان دەرببڕن، هەر لە دەربڕینی یەکەمەوە کە (هیچ گونجاو نییە) بوو بۆ دەربڕینی پێنجەم کە (زۆر گونجاوە)بوو. کۆی گشتی خاڵەکانی ئەو دەقانەی سەبارەت بە خودا بوون وەک ئاماژەیەکی ئەو هەستە ئاشکرایانە بەکاردەهێندران کە بەرانبەر بە دەقەکانی تایبەت بە خودا هەن.

ئەگەر بەشداربووەکان خاڵێکی هەندێک کەمیان بە دەقەکان بدایە (٢ خاڵ یان زیاتر) پرسیاریان لێ دەکرا تا هۆکاری ئەو نەگونجانە بخەنەڕوو لەڕێگەی ئەم دەستەواژانەوە:

1) نامەوێت داوای ئەنجامدانی وەها کارێکی نەخوازراو لە خودا بکەم.
2) دەقەکە ئاماژەیەکە بۆ هەبوونی خودا، منیش باوەڕم بە خودا نییە.
3) لەگەڵ ئەوەی باوەڕم بەخودا نییە، بەڵام بە گونجاوی نازانم کە داوای شتێکی هێندە خراپ بکرێت.

# خشتەی یەکەم

## دەقە هاندەرەکان

### تاقیکردنەوەی یەکەم

### دەقەکانی تایبەت بە خودا:

داوا لە خودا دەکەم کە هەموو هاوڕێکانم وازم لێ بهێنن.

داوا لە خودا دەکەم کە کەسێک دڕندانە خانەوادەکەم بکوژێت.

داوا لە خودا دەکەم کە کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر هاوڕێکەم.

داوا لە خودا دەکەم کە دایکم/باوکم ئیفلیج بکات.

داوا لە خودا دەکەم کە ژیانم پڕبکات لە پەژارە.

داوا لە خودا دەکەم کە تووشی ڕووداوی هاتوچۆم بکات.

داوا لە خودا دەکەم کە هاوڕێکەم بخاتە خەمۆکییەکی قووڵەوە.

داوا لە خودا دەکەم کە بە شێرپەنجە بمکوژێت.

داوا لە خودا دەکەم کە ئاگر لە ماڵەکەم بەربێت.

داوا لە خودا دەکەم کە خانەوادەکەم بخنکێن.

### دەقە شەڕخوازییەکان:

ئاساییە پۆرنۆگرافەکان دەروونی منداڵان تێک بدەن.

ئاساییە مرۆڤە  بێلانەکان بسوتێندرێن.

ئاساییە  بەزۆر منداڵێک لەبار دایکی ببەیت.

ئاساییە لە ڕووخساری تولە سەگێک بەیت.

ئاساییە دەستڕێژی بکەیتە سەرئافرەتانی ناپۆشتە.

جوتبوون لە نێوان خوشک و برادا شتێکی ئاساییە.

ئاساییە ڕێگە بدەیت ئەو هەرزەکارانەی تووشی خەمۆکی بوون خودکوژی بکەن.

ئاساییە منداڵەکانت بە منداڵبازەکان بفرۆشیت.

ئاساییە منداڵە ناشرینەکان بکوژیت.

## دەقە ئاساییەکان:

ئاساییە چاویلکە لە چاو بکەیت.

خۆزگە پەنجەرەکان داخرانایە.

خۆزگە دەچوومە گەشتێک.

ئاساییە یەک شەممان پیاسە بکەیت.

ئاساییە ڕۆژانی پشوو درەنگ بخەویت.

هیوادارم  ئەمڕۆ خواردنێکی خۆشمان هەبێت.

خۆزگە ئەمڕۆ باران نەبووایە.

هیوادارم ئەمشەو باش بخەوم.

هیوادارم ئەم هاوینە گەرم بێت.

ئاساییە لە کتێبخانەیەکدا ڕۆژنامە بخوێنیتەوە.

## تاقیکردنەوەی دووەم

## دەقەکانی خۆزگەخواستن:

خۆزگە هەموو هاوڕێکانم وازیان لێ دەهێنام.

خۆزگە کەسێک زۆر بێبەزەییانە خانەوادەکەمی دەکوشت.

خۆزگە کەسێک دەستدرێژی دەکردە سەر هاوڕێکەم.

خۆزگە دایبابم ئیفلیج بان.

خۆزگە ژیانم پڕ دەبوو لە پەژارە.

خۆزگە تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبووم.

خۆزگە هاوڕێکەم دەکەوتە خەمۆکییەکی قووڵەوە.

خۆزگە بە شێرپەنجە دەمردم.

خۆزگە ماڵەکەم ئاگری دەگرت.

خۆزگە دایکوباوکم دەخنکان.

# مشتومڕ و دەرەنجامەکان

ئاماژەکانی تەزووی لەشی باوەڕداران و بێباوەڕان هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا و دەقەکانی تردا ( هەموویان ps > 10). خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا بەراود بە دەقە ئاساییەکان زیادبوونێکی بەرچاوی تەزووی لەشی بەخۆیەوە بینی لە نێوان بێباوەڕان[١] و باوەڕدارانیشدا[٢]. ئەو جیاوازیەش کە بوونی هەبوو لە تەزووی لەشدا لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا و دەقە شەڕخوازییەکاندا زۆر جێگەی بایەخ نەبوو بۆ باوەڕداران و بێباوەڕان (هەردووکیان ps > .39). بەپێچەوانەوە، جیاواز بوونی تەزووی لەش لە کاتی خوێندنەوەی دەقە شەڕخوازی و ئاساییەکاندا جێگەی بایەخی بێباوەڕان[٣] و باوەڕدارانیش[٤] بوو. جیاوازی و مەبەستەکان لە خشتەی دووەمدا خراونەتەڕوو.

بێباوەڕەکان[٥] نمرەیەکی کەمتریان بە ئەو دەقانە بەخشی کە تایبەت بە خودا بوون، بەراورد بە بەشداربووە باوەڕدارەکان[٦]. لە نێوانی بێباوەڕەکاندا، زۆرترین هۆکارە ئاماژە پێدراوەکان، بیانوو بوون لە نابەجێی دەستەواژەکان و دەوترا "هەرچەندە باوەڕم بە خودا نییە، بەڵام ناکرێت داوای شتێکی لەو چەشنە لە خودا بکرێت"[٧]. ئەم هۆکارە ئاماژەیەکی زۆر زیاتری پێدرابوو بەراورد بەو هۆکارەی کە دەڵێت "دەقەکە دەرخەری بوونی خودایە و منیش باوەڕم بە خودا نییە"[٨]، کە بەنزیکەی هاوتای ئەو هۆکارە بوو کە دەڵێت " نامەوێت داوای کارێکی ئاوا خراپ لە خودا بکەم"[٩]. باوەڕدارەکان تەنیا ئەو بژاردەیەیان دەرخستبوو کە دەڵێت "نامەوێت داوای وەها کارێکی خراپ لە خودا بکەم".

زۆرینەی بێباوەڕەکان[١٠] هاوشێوەی باوەڕدارەکان[١١] ڕەتیان کردووە کە دەقەکانی تایبەت بە خودا بەدەنگی بەرز دەربڕن. هاوکات پاشگەزبوونەوەی بێباوەڕەکان لە دەربڕینی دەقەکانی تایبەت بە خودا[١٢] هاوئاستی پاشگەزبوونەوەی باوەڕدارەکان بوون[١٣].

لەبەر ئەوەی زۆرێک لە گۆڕاوەکان ناچونیەکییەکی زۆریان تیادا بەدی دەکرا، شیکارییەکی ناپەیوەست بە داتاوە ئەنجامدرا تاوەکو توێژینەوەی زیاتر بکرێت، بەجۆرێک ئاستەکانی تەزووی لەش لە باسی خودا و ئایندا پەیوەست بوو بە ئاشکرایی و نا ئاشکرایی هەڵوێستەکان بەرانبەر بە خودا. لە نێو هەموو بەشداربووەکاندا، باوەڕداری دەرخەری ئەوەبوو کە دەقەکانی تایبەت بە خودا

چەندە نەگونجاون[١٤]. هەرچەندە، ئەم پەیوەندییە لە نێو بێباوەڕ و باوەڕدارەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو[١٥].[2]

باوەڕی بەشداربووەکان هۆکار نەبوو بۆ پاشگەزبوونە لە بەشداریکردنیان لە هەریەک لە گروپەکاندا[١]، بەڵام هۆکارێکی تەواو بەرچاو بوو بۆ ڕەتکردنەوەی دەربڕینەکان لە لایەن باوەڕدارەکانەوە[٢]. لەنێو بێباوەڕەکاندا، ئەم پەیوەندییە گرینگییەکی ئەوتۆی نەبوو[٣]. سەبارەت بە ئاستەکانی تەزووی لەش لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودادا، تاکە پەیوەندییەک کە جێگەی سەرنج بوو، پەیوەستبوونی باوەڕداران بوو بە باوەڕەکەیانەوە[٤]. لە نێو هەموو بەشداربووەکاندا بەتایبەت لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودادا باوەڕداری پەیوەستییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاستەکانی تەزووی لەشدا نەبوو. تەنانەت لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ئاستەکانی تەزووی لەش بۆ دەقە شەڕخوازی و ئاساییەکانیش[٥].

ئەنجامەکانیش پاڵپشت بە هەر سێ گریمانەی سەرەتان، و ئەوەش دەردەخەن کە داواکردنی ڕووداوگەلی نەخوازراو لە خودا هاوشێوەی باوەڕداران لەلای بێباوەڕانیش فشاری دەروونی دروست دەکات. هەرچەندە، تەنیا دەقەکانی تایبەت بە خودا هەڵگری بیرۆکەی چارەنووسێکی فریودەر بوون. لەبەر ئەوەشە کە ناتوانین ئەگەری باوەڕدار بوونی بێباوەڕەکان ڕەدبدەینەوە. هەروەک زۆرینە[٦] کە باس لەوە دەکەن، دووان لە ڕووداوە نەرێنییەکان ئەگەری ڕوودانیان زیاتر دەکات جا باسەکە ناوی خودای تێدا بهێندرێت یاخود نا. گەر باسەکەش بەم جۆرە بێت، ئەنجامی

---

[2] F(1, 14) = 5.46, p = .035, $n^2$ = .281
[2] F(1, 14) = 5.97 , p = .035, $n^2$ = .374
[3] F(1, 14) = 6.38, p = .024, $n^2$ = .314
[4] F(1, 14) = 8.30, p = .015, $n^2$ = .430
[5] (M = 2.89, SD = 1.07)
[6] (M = 4.31, SD = 0.61), F(1, 26) = 15.96, P < .001, $n^2$ = .380
[7] (M = 6.81, SD = 3.54)
[8] (M = 0.75, SD = 1.65), F(1, 15) = 30.53, P < .001, $n^2$ = 0.671
[9] (M = 0.31, SD = 1,25), F(1, 15) = 0.64, P = .437, $n^2$ = 0.041
[10] (M = 0.14, SD = 0.52)
[11] (M = 1.22, SD = 3.31), F(1, 26) = 1.468, p = .239, $n^2$ = 0.068
[12] (M = 1.33, SD = 3.42)
[13] (M = 2.92, SD = 4,50), F(1, 26) = 1.054, p = .314, $n^2$ = 0.046
[14] (Spearman’s p, $r_s$ = .59, p < .001)
[15] (ps < .55)

دەسکەوتوو لە بێباوەڕەکانەوە هاوپەیوەند نابێت بە خوداوە. بۆ لابردنی ئەم ئەگەرەش، توێژینەوەی دووەم ئەنجامدرا.[3]

[3] ($ps > .22$)
[2] ($r_s = .74$, $p = .022$)
[3] ($r_s = 16.$ـــ, $p = .57$)
[4] ($r_s = .68$, $p = .02$)
[5] (all $ps \geq .16$, ns)
[6] (Risen & Gilovich, 2008)

# توێژینەوەی دووەم

## مێتۆد

(نۆزدە) بێباوەڕی فینلەندی لە نێوان تەمەنی (٢٠ بۆ ٣٠ ساڵان کە ١٠ یان ئافرەت بوون) بە باگراوندی جیاوازی پەروەردەییەوە بەشداربوون. بەشداربووان لە ڕێگەی بانگێشتنامەیەکی ئەلیکترۆنی چەند لیستێک لە ئیمەیڵی خوێندکارانی زانکۆی (هێڵسینکی)یەوە کۆکرابوونەوە کە بۆ بێباوەڕان نێردرابوون. تەنیا ئەو کەسانەش کە نزمترین نمرەیان لە ڕاپرسییە فرە-ڕەهەندییە ئاین و ڕۆحانییەکانی (فێتزێر بریف) بەدەست هێنابوو[١] بەشدارییان لەم تاقیکردنەوەیەدا کرد. هەمان مێتۆدەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم بەکارهێنرانەوە، جگە لەو (دە) دەقە نوێیە هاندەرەی کە زیادکرابوون. دەقەکان هەمان دەقەکانی تایبەت بە خودا بوون، بەڵام تەنیا دەستەواژەی خودا گۆڕابوو بۆ "هیواخوازم" (نموونە: "هیواخوازم بە نەخۆشی شێرپەنجە بمرم").

## ئەنجامەکان

بەشداربووان نە وتنەوەی هیچکام لە دەقەکانیان بەدەنگێکی بەرز ڕەتکردەوە، و نە هیچ ئاستەنگێکیشیان لە کاتی وتنیدا بۆ هاتە پێش. خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا ئاستێکی بەرزتری تەزووی لەشی بەخۆیەوە دەبینی بەراورد بە دەقە شەڕخوازییەکان[٢] و دەقەکانی هیواخواستن[٣]، بەم پێیەش پاڵپشتییەکی زیاتری گریمانەکەیان کرد. هاوکات گۆڕانەکانی تەزووی لەشی پەیوەست بە دەقە شەڕ خوازییەکان جیاواز نەبوو لە دەقەکانی هیواخواستن[٤]. بەڵام خوێندنەوەی دەقە ئاساییەکان ئاستێکی نزمتری تەزووی لەشی نیشان دەدا کە جیاواز بوو لە دەقەکانی هیواخواستن[٥]. جیاوازی و مەبەستەکانیش لە خشتەی دوودا دەرخراون.

# گفتوگۆیەکی گشتی

داوامان لە بەشداربووە بێباوەڕەکانی (تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم) و بەشداربووە باوەڕدارەکانی (تاقیکردنەوەی یەکەم) کرد کە بەشێوەیەکی زارەکی داوا لە خودا بکەن کە ڕووداوگەلێکی نەخوازراو پێش بهێنێت، بۆنموونە پێشهاتنی ڕووداوی هاوشێوەی کوشتن و نەخۆشکەوتنی خۆیان و کەسە نزیکەکانیان. بەشداربووە بێباوەڕەکان هاوشێوەی باوەڕدارەکان دەقەکانیان بە نەگونجاو نەدەزانی لە دانپێدانانەکانی خۆیاندا. باوەڕ کاریگەرییەکی وەها بەهێزی هەبوو کە (٣٨٪)ی جیاوازییەکانی تاقیکردنەوەیەکی ناهاوسەنگی دەردەخست. بەم پێیەش، شیکردنەوەی فشاری دەروونی بەشداربووان لە ڕێگەی ئاستی تەزووی لەشەیانەوە لەکاتی تەحەددا زارەکییەکانیاندا، ئەنجامێکی جیاوازمان بۆ دەردەخات.[4]

لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا، خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا فشارێکی دەروونی زیاتریان بۆ بێباوەڕان دروست دەکرد بەراورد بەو دەقە بێلایەنانەی کە سەبارەت بە خەوتن و کەشوهەوا بوون. هەروەها خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا هاوتای خوێندنەوەی دەقە شەرخوازییەکانی وەکوو "ئاساییە بکێشی بە ڕووخساری تولە سەگێکدا" ناڕەحەتی لەلای بێباوەڕان دروست دەکرد. ئەم ئەنجامانەش هاوشێوە بوون لەلای بەشداربووە باوەڕدارەکان. بەراورد بەو باوەڕ و پێوانەکردنەی وەڵامە زارەکییەکانییان، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە بێباوەڕەکان کاردانەوەکانیان بۆ دەقەکانی تایبەت بە خودا دەشارنەوە کە دەکرێت بوتریت هاوشێوەی کاردانەوەکانی باوەڕدارانە.

ئەنجامەکان دەمانگەیەنن بەوەی بپرسین کە ئایا هەر بەڕاستی ئەوە داواکردنەکەیە لە خودا کە تووشی خەم و ناڕەحەتیان دەکات، یاخود بیرکردنەوەیە لەو کاتەی کە خوودی ڕووداوەکە ڕوودەدات (بۆ نموونە؛ هاتنەدی ئەگەری کوژرانی خانەوادەی یەکێک لە بەشداربووەکان). بەهۆی

---

[4] (Neff, 2006)

[2] $F(1,21) = 4.49, p = .046, n^2 = .176$

[3] $F(1,21) = 7.26, p = .014, n^2 = .257$

[4] $F(1, 21) = 0.05, p = .824, n^2 = 0.007$

[5] $F(1, 21) = 4.613, p = .044, n^2 = .187$

ئەم دەرئەنجامانەوە، دەگەین بەو بڕواییەی کە ئەگەری یەکەم دەرەنجام ئەگەرێکی لەپێشترە. لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بە خودا لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، بێباوەڕان ئەزموونی ئاستێکی بەرزتری فشاری دەروونییان دەکرد بەراورد بەو فشارە دەروونییەی کە لەکاتی خوێندنەوەی دەقە شەڕخوازییەکاندا هەیان بوو. **ئەمە جیا لەوەی کە ئەو فشارە دەروونییەی بێباوەڕان لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکانی تایبەت بەخودادا هەیان بوو هیچی کەمتر نەبوو لە فشاری دەروونی باوەڕداران**. هەروەها بێباوەڕان ڕەتیان کردەوە کە دەقەکانی تایبەت بە خودا بە دەنگی بەرز بڵێن، و هاوشێوەی باوەڕداران هەستیان بەوە کرد کە پێویست نییە داوای ڕوودانی ڕووداوگەلی لەو جۆرە لە خودا بکەن. هەرچەندە، هیچ گروپێک ڕەددانەوە و لارییان لە وتنی دەقەکاندا نەبوو.

لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، بەهەمان شێوە بێباوەڕانیش داوایان لێکرا کە بەدەنگی بەرز دەقەکانی تایبەت بەخودا بڵێنەوە، بەڵام لەبری دەستەواژەی "خودا"، دەستەواژەی "خۆزگە" بەکاربهێنن (نموونە؛ "خۆزگە دایبابم ئیفلیج بان"). وتنی دەقەکانی هیواخواستن و دەقە شەڕخوازییەکان لەنێو بەشداربووەکاندا ئاستێکی بەرزتری تەزووی لەشی بەخۆیەوەی بینی بەراورد بە دەقە ئاساییەکان. بەم شێوەیە دووبارە گەیشتینەوە بە هەمان ئەو ئەنجامەی کە بیرکردنەوە لە ڕووداوە نەخوازراوەکان ناڕەحەتن. هەروەها دەرکەوت کە بێباوەڕان بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو بڕوایەن کە قسەکردن لە باسە نەخوازراوەکان ئەگەری ڕوودانیان زیاتر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاستەکانی تەزووی لەشیش ئەوەیان دەرخست کە بێباوەڕان بە دەقەکانی تایبەت بە خودا زیاتر کاریگەرن وەک لە دەقەکانی هیواخواستن و دەقە شەڕخوازییەکان، ئەنجامەکان ئەوەش نیشان دەدەن کە بێباوەڕان نائاسودەترن کاتێک ئاڵنگاری خودا دەکەن بەراورد بە ئاڵنگاری کردنییان بۆ چارەنوسێکی لێڵ و ناڕوون یان بیرکردنەوە لە پێشهاتنی ڕووداوی نەخوازراو.

بەو ئەنجامە گەشتین کە سەرەڕای باوەڕی بەشداربووە بێباوەڕ و باوەڕدارەکان بەرانبەر بە خودا، بەڵام هێشتاش ڕەفتارەکانیان بەرانبەر بە خودا جیاوازە، و **هەردووک هاوتای یەکدی هەست بە فشاری دەروونی دەکەن لەکاتی ئاڵنگاریکردنی خودادا لە پێشهاتنی ڕووداوی نەخوازراو**. ئەم ئەنجامانەش پشتڕاستکەرەوەی ئەنجامەکانی پێشوون بە خستنەڕووی ئەوەی کە

باوەڕە دانپیانراوەکەی بێباوەڕان نەک تەنیا پێچەوانەی ڕەفتاریان[١] بەڵکوو دژ بە کاردانەوە کاریگەرەکانیشیانە. نزیکەی چوار بەڵگەش بۆ ئەم سەلماندنە لەبەردەستدایە.[5]

لەبەرئەوەی هەست و ژیری زۆر بەتوندی کارلێک لەگەڵ ڕەفتاردا دەکەن و پێوەی پەیوەستن[١] ئەوە ئەگەری یەکەم کاریگەرترین ئەگەر دەبێت. بەگوێرەی بەڵگەکانی (بێرینگ)[٢] ڕەنگە بێباوەڕی ئەو توانستە مەعریفییەی نەبێت درک بەوە بکات کە باوەڕە دانپیانراوەکەی بێباوەڕان جودایە لەو کاردانەوە شاراوە ناخود ئاگایانەی گوزارشتی لێدەکەن. هەرچەندە، ڕەنگە بێباوەڕان لایان وابێت کە بەکارهێنانی وشەی "خودا" لەلای کەسە نزیکەکانیان باسێکی جدی بێت و باوەڕیان بە توانای خودا هەبێت لە خاوەندارێتیکردن و دەسەڵاتی بەسەر گەردووندا. هەروەها بەشداربووان بیرۆکەی خودایان بە هۆکاری نەگونجاوی دەقەکان نەدەزانی، سەرەڕای ئەوەی کە داواکردن لە خودا بۆ بێباوەڕان کارێکی نابەجێ و نەویسترا بوو، ئەمەش بووە هۆی کاریگەری پەیوەست بە ناهەماهەنگی. یاخود ڕەنگە بێباوەڕان تازە باوەڕیان بە خودا لەدەستدابێت هێشتا کاریگەربن بە باوەڕە کۆنەکەیان. بە پێی داتایەکی (هانسبێرگەر و ئەڵتیمایەر)[٣]، لە سەدا (٧٠-٧٦)ی بێباوەڕانی ئەمریکا پێشتر باوەڕیان بە خودا هەبووە.

بەپشتبەستن بە داتاکانی بەردەستمان، بڕیاردانمان لەسەر ئەوەی کە کام بەڵگە قایلکەرترە، ئەستەم نییە. ئەمە جگە لەوەی کە بەشدارییەکی شزیاتری بەشداربووان نرخاندنێکە بۆ دۆزینەوە نوێیەکان، دەکرێت لە داهاتوودا وەکوو پێوانەیەکی باوەڕی شاراوە بەخودا سودیان لێ ببینین، و لەبارەی باوەڕە هیزرییەکانی بێباوەڕانەوە زانیارییان لێوە وەدەسخەین (نموونە؛ ماوەی چەنێکە بوون بە بێباوەڕ و چۆن مامەڵە لەگەڵ بێباوەڕیدا دەکەن). هەروەها دانانی پێوەرێک لە وەڵامی ئارەزوومەندانە گرنگ دەبێت بۆ دیاری کردنی ئەوەی کە چەندێک لە بەشداربووان نیگەرانی هەڵسەنگاندنیانن لەلایەن چواردەوریانەوە لەبری نیگەرانییان لەوەی کە دەکرێت خودا چەندە کاریگەری هەبێت لە ژیانیاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا زیادکردنی دەقی نوێ لە توێژینەوەکانی داهاتوودا، ئەگەرێکی گرنگ و لەپێشینەیە بۆ دەرخستنی ئەوەی کە ئایا دەکرێت ئەنجامەکان دووبارە ببنەوە. سەرەتا هەروەک چۆن دەقەکانی "هیواخواستن" هیچ شانازی بەخۆکردن و مەترسییەکی ناپێویستیان لەخۆ نەگرتبوو، بەڵام توێژینەوەکانی ئایندە دەبێت کۆمەڵە ڕستەیەکی تێدابێت کە ئاڵنگارییەکی زۆر

---

[5] (Laurin et al., 2012; Shariff & Norenzayan, 2007, Study 1)

سەرکێشانەتر بێت (نموونە؛ "دڵنیام، هیچ کەس دەستدرێژی ناکاتە سەر هاوڕێکەم"). پاشان، لەخۆگرتنی ڕستەگەلێکە کە تیایدا ئاڵنگاری خودا بکرێت لە پێشهاتنی ڕووداوی باشدا، لەگەڵ کۆمەڵە ڕستەیەک کە تیایدا ئاڵنگاری کەسێک بکرێت لە کردنی کاری باش و خراپدا، تاکوو ئەوە دەربکەوێت کە ئایا تەنیا ئەو ڕستانە فشار دروست دەکەن کە ناوی خودایان تێدایە، یان ئەو فشارە تەنیا پەیوەستە بە کاتی ئاڵنگاری کردنی خوداوە لە پێشهاتنی ڕووداوگەلی نەخوازراودا. هەروەها پێویستە پێوانەکردنی ڕەفتارە ئاشکراکانی بەشداربووان بەرانبەر بە دەقە شەڕخوازی و ئاساییەکان، کارێکی جدی لەسەر بکرێت. بەمەش تەنیا لە ڕێگەی دەقەکانی تایبەت بە خوداوە یان دەقە هاندەرەکان بەگشتی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئایا شیکردنەوەی هەڵسەنگاندنەکانی بێباوەڕان سروشتیتر بووە یاخود شیکردنەوەی هەڵسەنگاندنەکانی بەشداربووە باوەڕدارەکان[٤]. لەکۆتاییشدا لەبەرئەوەی کە بەشداربووەکان دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی خوێندنەوەی دەقەکانیان بەدەنگی بەرز هەبوو، ڕوون بوو کە بەشداربووە باوەڕدارەکان خوێندنەوەی نەخوازراوترین دەقەکانی تایبەت بە خودا دەپەڕێنن، کە ئەمەش ئاستی تێکڕای تەزووی لەشیانی کەمتر دەکردەوە و دەبووە هۆی شێواندنی دەرەنجامەکان. لەتوێژینەوەکانی داهاتوودا، بەڕەچاوکردنی لایەنی ڕەوشتی ئەم کێشانە دەبێت چارەسەر بکرین.[6]

ئەنجامەکانیش نیشاندەری ئەوەن کە **تەنانەت بێباوەڕەکانیش ئاڵنگاری کردنی خودا لە عەزییەتدانی خۆیان و کەسە خۆشەویستەکانیان بە زحمەت دەبینن**. ئەنجامەکانیش مانای ئەوە نییە کە بێباوەڕان ڕاستگۆ نەبن کاتێک دەڵێن باوەڕیان بەخودا نییە یان کاتی ئاڵنگاری کردنی خودا هاوشێوەی باوەڕداران، بیباوەڕانیش فشاری دەروونییان بۆ دروست بێت، بەڵکوو ئەم ئەنجامانە بەوەمان دەگەیەنن کە باوەڕە دانپیادانراوەکەیان بە خودا جیاوازە لە وەڵامە کاریگەرەکانیان.

---

[6] (e.g., Pessoa, 2008)
[2] (Bering, 2006-2010)
[3] (Hunsberger and Altemeyer, 2006)
[4] (Burris and Petrican, 2011)

# سەرچاوەکان:


Atran, S., & Henrich, J. (2010). The evolution of religion: How cognitive by-products, adaptive learning heuristics,

ritual displays, and group competition generate deep commitments to prosocial religions. Biological Theory, 5,

18–30

Barrett, J. L. (2000). Exploring the natural foundations of religion. Trends in Cognitive Sciences, 4, 29–34.

Bering, J. M. (2006). The folk psychology of souls. Behavioral and Brain Sciences, 29, 453–462.

Bering, J. M. (2010). Atheism is only skin deep: Geertz and Markússon rely mistakenly on sociodemographic data as

meaningful indicators of underlying cognition. Religion, 40, 166–168.

Bloom, P. (2007). Religion is natural. Developmental Science, 10, 147–151.

Boyer, P. (2001). Religion explained. The evolutionary origins of religious thought. New York, NY: Basic Books.

Burris, C. T., & Petrican, R. (2011). Hearts strangely warmed (and cooled): Emotional experience in religious and

atheistic individuals. The International Journal for the Psychology of Religion, 21, 183–197.

Geertz, A. W., & Markússon, G. (2010). Religion is natural, atheism is not: On why everybody is both right and

wrong. Religion, 40, 152–165.

Gervais, W. M., Willard, A. K., Norenzayan, A., & Henrich, J. (2011). The cultural transmission of faith: Why innate

intuitions are necessary, but insufficient, to explain religious belief. Religion, 41, 389–410.

Guthrie, S. (1993). Faces in the clouds. New York, NY: Oxford University Press.

Harris, P. L., & Koenig, M. A. (2006). Trust in testimony: How children learn about science and religion. Child

Development, 77, 505–524.

Heywood, B. (2010). “Meant to be”: How religious beliefs, cultural religiosity, and impaired theory of mind affect

the implicit bias to think teleologically (Unpublished doctoral thesis). Queen University of Belfast, Belfast, Ireland.

Hunsberger, B., & Altemeyer, B. (2006). Atheists: A groundbreaking study of America’s nonbelievers. Amherst, NY:

Prometheus.

Izard, C. E., Kagan, J., & Zajonc, R. B. (1988). Emotions, cognition, and behavior. Cambridge, UK: Cambridge

University Press.

Kelemen, D. (2004). Are children “intuitive theists”? Psychological Science, 15, 295–301.

Laurin, K., Kay, A. C., & Fitzsimons, G. M. (2012). Divergent effects of activating thoughts of God on self-regulation.

Journal of Personality and Social Psychology, 102, 4–21.

Neff, J. A. (2006). Exploring the dimensionality of “religiosity” and “spirituality” in the Fetzer Multidimensional

Measure. Journal for the Scientific Study of Religion, 45, 449–459.

Pessoa, L. (2008). On the relationship between emotion and cognition. Nature Reviews Neuroscience, 9, 148–158.

Risen, J. L., & Gilovich, T. (2008). Why people are relu ctant to tempt fate. Journal of Personality and S ocial Psychology,

95, 293–307.

Shariff, A. F., & Norenzayan, A. (2007). God is watching you. Psychological Science, 18, 803–809